کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-6-2007 20:31 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

باشووری کوردستان _ هەولێر

## بەزەییم بە گەنجانی وولاتەکەم دێتەوە ... هەرمان خالد

گەنجی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ، ماوەیەکە و دەڕوا، لە هەموو ڕوویێکەوە جیاوازە لە قۆناغەکانی پێش و دوای خۆی، خۆشی گەنجی لەوە دایە، کە دەبی لە هەموو کانیەکانی جوانیی ژیان قومێك بخۆیتەوەو تامی هەموو شتە خۆشەکان بکەیت.
گەنج لە تەواوی جیهان، هێزی لە بن نەهاتوو و کارایە، گۆڕانکاری دەکا، سیاسەت دەکا، بازرگانی دەکا، دەسەلات ناچار دەکا گوی لە داواکاریەکانی بگری... هتد. لەگەڵ ئەمانەشدا دەزانی مافەکانی چین؟ و ئەرکەکانی چین؟
گەنجانی وولاتی من، تەنها داوای ماف دەکەن، نایانەوی ئەرکیان هەبی، بەلام چ مافێك؟ هەموویان جگە لەو کەمینە ڕۆشنبیرە، نازانن مافی گەنج چیە؟ نازانن مافی گەنج ئەوەیە، بتوانی بخوێنی، هەلی کاری هەبی، بۆی هەبی لە سیاسەت کار بکا، گەشت بکا ... .
ئەوان وا دەزانن مافی گەنج تەنها ڕابواردن و سێکسی ئاشکرا و عەشق و عەشقبازی و خەنافس و سەکسووکە، وا دەزانن قۆناغی گەنجی بریتیە لەوەی مارسیدس یا بیئێمێکی فول مواسەفات و جام ڕەش و کریستالێت هەبی، سیم کارتێکی 445 و ئامێرێکی مۆبایلی نەسرین بەرواری و غازی یاوەر و شێخ زانات هەبی، گەنج لای ئەوان دەبی 2-3 خۆشەویستی هەبی و هەفتانە 4-5 کارتی مۆبایلیان بۆ بنێری، خەلك و کۆمەڵگا وازی لێبێنن 3 سەعات لەسەر یەك لەگەڵ خۆشەویستەکەی قسە بکا، وێنەیان لەسەر مۆبایلەکان بلاو بکاتەوە!!!
گەنجی ئێمە پۆشینی پانتۆڕو کابۆی تەسك و لە مل کردنی ملوانکە بە پێشکەوتن دەزانن! شەرواڵ لەبەر بە کۆنەپەرست و زەوق مردوو دادەنێن، هەموو شتە جوانەکانی داب و نەریت و باو باپیران ڕەت دەکەنەوە، ئاوڕ لە ڕابردوو نادەنەوە، نازانن ئەوەی ڕابردووی نەبی داهاتووشی نابی. هەستی کوردایەتی و نەتەوەییان یان نیە یان دەچێتە خانەی نەبوون!!!
گەنجانی نیشتمانی من، زۆربەیان تەنانەت کوردیش بە تەواوی نازانن، زمانەکانی تر هەر هیچ، شارەزا و پسپۆر نین لە زانستەکانی سەردەم و کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت (چات نەبی)، تا ئێستا هیچ داهێنان و پێشکەوتنێکی زانستیان نەکردووە! لەگەڵ هەموو ئەمانەدا گلەیی لە دەسەلات دەکەن گوایە مافەکانی دابین نەکردوون!!!

hgrawy@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.